# تاوانی یەکی شوباتی 2004 هـــەولـێـر



فـەهـد گـردەوانــی
2006/1/31 ستۆکهۆڵم

**ئەمرۆ یادی کارەساتی خۆتەقاندنەوە ترسنۆکەکەی رۆژی جەژنی قوربانە...**
**ئـەمڕۆ یادی بریندارکردنی شاری پیرەهـــــــەولــێـری کۆن و بەستەزمانە...**



**کردەوە تێرۆریستەکەی (خۆتەقاندنەوە) لە هەردوو بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بووە هۆی شەهید بوونی خەڵکێکی زۆر ... بووە هۆی لەکەیەکی رەشی تر بە نێوچەوانی ئەو گروپە ئیسلامیانەی خۆیان بە مرۆڤ کوژ ناوزەند دەکەن...ئەو گروپە مێشک ژەنگاویانە رۆژی جەژن کە بۆ منداڵان رۆژێکی خۆش و شادی یە ، ئەو رۆژەیان کردە شین و گریان ،ئەمەش راستەقینەی ناسنامەی ئەو گروپە ئیسلامیانە ئاشکرادەکات کە چەند تینووی خوێنی مرۆڤایەتین...کارکردن بۆ لەناو بردنی پیشە و رەوشتی تێرۆریستی کاری هەموو لایەکە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بەرەو مەدەنیەت و روناکی بەرین ، پێویستە هەر یەکەمان لەراست خۆی دژی تێرۆریست و مرۆڤ کوژ دەنگ هەڵبڕین و ریسوایان بکەین...کاری مامۆستای قوتابخانەیە کە قوتابیان هانبدات و فێریان بکات دژی ئیرهاب بن...فێریان بکات کە قوتابیان مرۆڤیان خۆش بوێت جا ئەو مرۆڤە رەنگی پێستی چۆنە ، یا ئایینی چی یە ، یا هەڵگری چ بیروباوەڕێکە گرنگ مرۆڤ مرۆڤی خۆش بوێت...مەلای مزگەوتەکان دەبێ بە ئاشکرا لە کاتی نوێژکردندا ئەوکارانە ریسوابکات ، بۆ موسڵمانانی روون بکاتەوە کە ئەوکارە ترسنۆکانەی بەناوی جیهادوئیسلاموتەکفیر دەکرێن دوورن لە ئایینی ئیسلامی دەبێ یەکە یەکە بە ئاشکرا بۆیان روونبکرێتەوە کە ئەوانە دۆزەخین نەک بەهەشتی و حوری پەرست...حیزبەکان نابێ ئەوەندە ساویلکەبن و باوەڕیان بە ئاسایشی خەڵک نەبێت ، دەبێ هەوڵبدەن دەزگای ئاگادارکردنەوە و پاراستنی جەماوەر بکەنە بەرنامەی سەرەکی حیزبەکەیان...دایکان و خوشکان دەبی هەوڵبدەن منداڵەکان فێری خۆشەویستی مرۆڤایەتی بکەن...باوکان رێگای کوڕەکانیان نەدەن کە بەدوای ئەو مەلامێشک وشکانە بکەون کە ئامادەیان دەکەن بۆ**



**وێنەی قەڵای هەولێر**

**خۆتەقاندنەوە بەناوی جیهاد...حکومەت کاری لاوان و گەنجان ئاسان بکات و بیانخاتە کاری پەروەردەیی راست و دروست ، هەوڵبدات خەریکیان بکات بە چالاکی و سەرگەرمی رەفاهیەت...دانشگا ببێتە بنکەی بڵاوکردنەوەی بیری تازە بۆ بەرەو پێشەوەبردنی باری کۆمەڵایەتی...بیری یەکتر قەبووڵ کردن لەناو خەڵک**

**پەرەی پێبدرێت...دەزگاکانی راگەیاندن ببێتە دەزگای ئاگادارکردنەوەی جەماوەر و زانیاری بڵاوکردنەوە لەدژی ئەو مێشک بۆگەنانە...سەری رێز و نەوازش بۆ شەهیدان.**